# ئاوڕێکی نزیک بۆ مێژووی گۆرانی و مۆسیقای ((ئەهلی هەق))

تەمەنی **گۆرانی کوردی**،وەک تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر ڕووی ئەم دنیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد – دایە. بۆیە دەسنیشان کردنی ساڵێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی گۆرانی کوردی، کارێکی یەکجار ئەستەم و سەختە. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێی سەربەرزی و دڵخۆشییە، کە ڕەگ و ڕیشەی گۆرانی کوردی، ئەوەندەی مرۆڤی کورد، بەمێژوویی کەلەپووری کورددا ڕۆچووە، لەبەرئەوە دەبێ تەمەنی گۆرانی کوردی، زۆر لەپێش واژەی گۆرانییشەوە بێت، چونکە وەک دکتۆر محەمەد موکری دەڵێ: وشەی **گۆرانی** دراوەتە پاڵ **گۆران**، کە خێڵێکی گەورەی نێوان **سنە** و **کرماشانە** و ئەم خێڵە، پەیڕەوی ئایینی ئەهلی هەق دەکەن و خاوەنی بیروباوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیانن، کە هەموو شیعری کتێبگەلی مەزهەبەکەیان دە بڕگەیین(٥٧–٨). ئەم ڕایە، زانای کورد «توفیق وەهبی»ش دەیسەلمێنێ و دەڵێ: «گۆرانی، لە عشیرەتی، گۆرانەوە هاتووە، ئەم هونەرە دەدرێتە پاڵ ئەوان، چونکە عەشیرەتێکی کشتکاری نیشتەجێ بوون و پتردەرفەت و توانایان بۆ دانان و داهێنانی شیعر و ئاواز بووە» (١٠١، ٤٧). هەروەها «مێجەرسۆن»یش ڕای وەک ئەمانە، کە دەڵێ: «گۆران خاوەنی شیعر و گۆرانین و کوردەکان گۆرانی، لە «**گۆران**»ەوە فێربوون» (١١١، ٢٠).

بەڵام لەو سێ ڕایەی سەرەوەدا، هۆی سەرەکی و زانستانەتر، باس لێ نەکراوە کە بۆچی واژەی **گۆرانی**، لە خێڵی «**گۆران**»ەوە داکەوت و بوو بەواژەیەک و توانی خۆی بسەپێنێ و تەشەنە بکات و بژی!؟

لەبەرئەوە حەزدەکەم هۆی نزیکایەتی وشەی **گۆران** و **گۆرانی**، ڕوونتر بکەمەوە و بڵێم: کە دەڵێین **گۆرانی**، مەبەستمان لەسەرتاپای کۆڵەگەکانی گۆرانییە. کە گرنگترینیان مۆسیقایە، ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ لە دایکبوونی ئاوازەکەدا، ئاوێتەی دەبێ و دەبێتە سۆز و هەوێن بۆی. لەبەر ئەوەش کە عەشیرەتی **گۆران** نزیکەی هەزار ساڵێکیش دەبێ، لە پێیڕەوانی «ئەهلی هەق»ن «کە ئایینێکی بێگەردی کوردییە(٨١، ٥٢–٥٦)» و لە کوردستاندا دەژین و کتێبی بەناوبانگیان «سەرئەنجام»ە و بەزاراوەی **گۆران** نووسراوە، لە کاتی سروود خوێندنەکانیاندا کە «سروودی یارسان»یان پێ دەڵێن و بەئاوازەوە دەوترێنەوە



و لەگەڵیدا ئامێری تەنبور «تەمموورە» بەکاردێنن(٣٧، ٩٣). بۆیە ئەم هاوکاری و تێکەڵ بوونەی نێوان ئاواز و شیعرەکە، کە ئامرازی تەمموورە هاوڕێی کارەکە دەکات و بەهاوبەشی هەردووکیان، یاسا و بنچینەکانی گۆرانی تەواو ئەنجام دەدەن؛ وای سەپاندووە، کە کارەکەی خێڵی **گۆران**، شەقڵێکی وا لای خەڵکی تری نزیک و دراوسێی خێڵی **گۆران** دروست بکات، تا ئەگەر ئەوانیش شتێکی وەک ئەمەی خێڵی **گۆران** بکەن، واتە: شیعر و مۆسیقا تێکەڵ بکەن، ئەوا هەر لەسەر پێودانی کارەکەی خێڵی **گۆران** بڵێین: ئێمەش وەک ئەوان، واتە خێڵی «گۆران»مان کردووە، کە ئاکامی لاسایی و چاولێکەرییەکە، دەبێت بە: **گۆرانی**.

ئەمەش باشترین بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی کە واژەی **گۆرانی**، لەم کردەوە دێرینەی خێڵی «گۆران»ەوە وەرگیرابێ، چونکە تا ئێستاش هەر لە ناوچە نزیکەکانی ئەم خێڵەوە، ئەم واژەیە بەکار دەهێنرێ، ئەگینا هێشتا لە سەرتاسەری کوردستانی باکووردا، لە بری واژەی گۆرانی، دەڵێن **ستران**، یان **لاوژە**. تەنانەت پەیڕەوانی **ئەهلی هەق**، خۆیشیان، بەم کارەی خۆیان ناڵێن: **گۆرانی**، بەڵکو وەک وتمان، پێی دەڵێن: **سروود**.

مێژووی سەرهەڵدانی **سروودگەلی یارسان**، کە تایبەتە بەئایینی «ئەهلی هەق»ەوە، لە کۆتایی ساڵانی سەدەی چوارەمی هیجری (١١٠٠ز). لە کاتی دەسەڵاتداریێتی سەلجووقیەکاندا دەست پێدەکات. لەو ساڵانەدا **موبارەک شای** ناسراو بە **شا خۆشین**، لە **لوڕستاندا هەڵکەوت** و ئایینی «حەقیقەت»ی لە بەشێک لە لوڕستان دا برەو پێدا.

پەیڕەوانی موبارەک شا، ڕووخساری ئەم ڕابەرە: «موبارەک شا» بەڕووخساری خوا، واتە بە مظهراللەی دەزانن و دەڵێن لە دایکێکی پاکیژە «عذراء – باکرة» هاتۆتە دنیاوە، کە ناوی **مامەد جەلالە** بووە. موبارەک شا پیاوێکی ساڵح و ناسک بووە و لە ماوەیەکی کورتدا پەیڕەوکارانێکی زۆری لە دەور کۆبوونەتەوە[1]، شا خۆشین لە لوڕستانەوە چۆتە

(١) لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی «چاپی ئینگلیزی»دا هاتووە: بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بەدیالیکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە. کە بەدڵنیایەوە پێم وایە ئەم هەواڵە جێی متمانە بێت؛ چونکە ناوی بابا تاهیریش وەک ناوی زۆربەی ڕابەرانی ئەهلی حەق بەپێشگری «بابا» دەست پێدەکات. کە وەک دەزانین ڕابەرانی تری وەک: بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگیش هەر لە ڕابەرانی «ئەهلی حەق»ن و نمونەی تری ئەمجۆرە کارانەی بابا تاهیر کردوویەتی، کارە بەناوبانگەکەی «مەولەوی تاوەگۆزی»یە لە عەقیدەی مرضیەدا، کە بەزمانێکی سادەی تێکەڵ لە تێکڕایی دیالیکت و بن دیالیکتەکانی هەورامان و سنە و شارەزوور و جوانڕۆ... دایڕشتووە و پەیامەکەی بریتییە لە گەیاندنی باوەڕی ئیسلامی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە. لە کاتێکا ئەو دیالیکتەی مەولەوی شیعری پێ نووسیوە و پێی ناسراوە، ئەو دیالێکتە سادە و تێکەڵە نەبووە، کە ئەم باوەڕنامە ئیسلامییەی پێ نووسیوە.



گۆڕی «باوەیادگار» لە گوندی «بان زەردە»ی نزیک
قەڵای یەزدگرد ـ پارێزگای کرماشان



هەمەدان و دیدەنی **بابا تایەری** شاعیری ناسراوی کردووە و دواتر ڕێی کرماشانی گرتۆتە بەر، بەڵام مردن مەودای نەداوە و لە دەوروبەری «هەرسین»ی لای خۆرئاوای **کرماشان**، لە ڕووباری **گاماسی ئاب** «گاماسیاو»دا خنکاوە(٣٧، ٩٣).

وەک لە دووتوێی سروودەکانی یارساندا باسکراوە، موبارەک شا، کە هەر خۆی درەوشانەوەی پرشنگی ڕوخساری پەروەردگار بووە، لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی پێڕەوانی ئەهلی هەقدا، کە لە بارەگا مەزنەکەی خۆیدا کۆبوونەتەوە، یاران و مریدانی خۆی بەش بەش و دەستە دەستە کردووە و هەردەستەیەکیش لەمانە، (٩٠٠) کەس بوون و دواتر بە (٩٠٠، ٩٠٠) ناسران، داوای لەمانە کردووە کۆڕێکی زیکری مۆیسقایی ئەنجام بدەن، کە دەبێ هەریەکە لە ئەندامانی ئەم دەستانە، بەجۆرە ئامێرێکی جیاواز، بەشداری ئەم کۆڕی مۆسیقا و زیکرە بکات.

لەو زنجیرە باسانەدا، کە لەم بارەیەوە ماونەتەوە. ناوی ئامێرگەلێکی زۆر هێنراوە. کە بەداخەوە لەو ئامێرانە، تەنیا هەر «تەمموورە» ماوەتەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە، چونکە ڕابەری ئەم (٩٠٠) دەستەیە، لەو مریدە پایە باڵایانە بووە، کە «تەمموورە»ی ژەندووە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا، پەیڕەوانی ئەهلی هەق، ئامێری «تەمموورە»یان وەک ئامێرێکی تایبەتی «موبارەک شا - شا خۆشین» ناوبردووە و خودی موبارەک شاش لەنێوان دەیان ئامێری تری بەشداربووی ئەو کۆڕەدا، تەنیا هەر «تەمموورە»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هەر تەموورەشی ژەندووە.

بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە دووتۆیی کتێبەکانی ئەهلی هەق و گێڕانەوەی دەماودەم «سنگا و سنگ»یشدا هاتووە، موبارەک شا فرمانی بەسەرلەبەری مۆسیقاژەنانی ئامادەبووی ئەو کۆڕە مەزنە کردووە - کە هەزاران کەس بوون - تا لە بۆنە و جەژنێکی مەزهەبیدا «گوایە جەژنی قوربان بووبێت»، لە جێگەیەکی کەناری ڕوباری «گاماسیاو»دا، کۆببنەوە و بۆ بەشداریی لە کۆڕی زیکری مۆسیقاییدا، ئامیرەکانی خۆیان، هاودەنگ کۆک بکەن... لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، کە یەکێکە لە گەورەترین کۆڕەکان، زیکرێکی مۆسیقایی وا ساز دراوە، کە ڕەنگە ڕۆژێکی تری وا لە مێژوودا نەبووبێت.

هەندێ لە مۆسیقاژەنانی ئەو کۆڕە هێژایە، کە لەلایەن موسیقاژەنە مەزنەکانی ئەو کۆڕەوە سازدراوە، تا ئێستاش بەشێوەی سنگا و سنگ ماونەتەوە و لەلایەن پیران و مامۆستایانی ئەهلی هەقەوە، بۆ مریدان و قوتابیان دەژەندرێتەوە.

ئیتر لەسەردەمی موبارەک شا بەدواوە، پەیڕەوانی ئەهلی هەق، لە کۆڕی زیکری مۆسیقایی خۆیاندا، هەمەمەجۆر ئامێری موسیقایی وەک: تەمووره، بەربەت، قانوون،